**پەرچەمی ناڕەزایەتی دژ بە گەندەڵی، بە گەندەڵی یەکگرتووی ئیسلامی لە بار نابرێت! ... حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق**

یەکگرتووی ئیسلامی لە ساتە وەختی ئێستای هەلومەرجی سیاسی عێراق و کوردستاندا، کە بەناو" هەڵبژاردنێك" لە ناوەراستی مانگی داهاتودا بەرپادەکرێت، بە لیستێکی سەربەخۆو بە جیا لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەشداری دەکات، دەیەوێت لە ژێر ناونیشانی دروشمی " دژی گەندەڵی"دا سواری شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان ببێت و بەم پێیەش ناوەرۆکی عادلانە و ئینسانی و شارستانی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان لە باربەرێت و بیخاتە گۆڕەوە. یەکگرتووی ئیسلامی خۆی لە بناغەوە لە سیستەمی فکری و سیاسی خۆیدا هێزێکە گەندەڵی بلاودەکاتەوە. هێزێك کە مندالانی 6-7 ساڵ بەشەوانە بەرەو مزگەوتەکان راپێچ بکات و دەرسی تیرۆریان دابات، هێزیك کە تریبۆنی مزگەوتەکانی کردۆتە بانگهێشەی فتواچیانی تیرۆر، هێزیك کە لەسەر سکی برسی مندالان و لاوان و ژنان و گەورەسالانی کوردستان و بە پارەو پۆلی وولاتانی کەنداو سەرچاوە نادیارەکانی ئیمکاناتی مالی لە شەری نێو خۆی نێوان یەکێتی و پارتیدا خۆی پان و پۆڕ دەکاتەوە، هێزیك کە تەوقەکردن لەگەل ژناندا بە" حەرام" دەزانێت، هیزێك کە تەواوی بیرو سیاسەت و بەرنامەکەی بۆ لاوان و ژنانی کوردستان و تەواوی خەڵك، لە وەدا خۆلاسە کردبێتەوە کە "کۆیلە بن"، هێزیك کە لە سالانی نیوەی دووەمی نەوەتەکاندا، هەزارەها ژنی کوردستانی بە پارە و پول کردە "حیجاب پۆش" وە هێزیك کە جگە لە مزگەوت کردنەوە و منارە بەرزکردنەوە و بلاوکردنەوەی ترس و جەهل لە کوردستاندا هیچی دیکەی پێشکەش بە خەڵك نەکردبێت، وە سەرەڕای هەموو ئەوانەش یەکگرتوویی ئیسلامی لەماوەی 12 سالی ڕابوردودا بەشێك بوە لە پرۆسەی دەسەلاتداریی کورد و بەشدار بوە لە کابینە وزاریەکان و پەرلەمانەکەیاندا و لەو گەندەڵیەی کە هەیە، دەبێت چ کەس و ئینسانێك بە دروشمی کەمپینی "هەڵبژاردنی" ئەم هێزە گەندەڵە چەواشە بکرێت.

بەلام واقعیەتی گەندەڵی لە نێو هەردوو هێزی دەسەلاتداری کوردستان و هەردوو ئیدارەکەیدا، عادەتێکی حاشاهەڵنەگرە و گەیشتۆتە سەر مۆخ. گەندەڵیەکی سیستماتیك، کە لەساتەوەختی دوای ڕاپەرینی سالی 1991وە دەستیپێکردوەو تا ئێستا قولترو فراوانتر دەبێتەوە. ئەودیوکردنی تەواوی بنەما ئابورییەکانی کوردستان بۆ ئێران و بۆ تورکیا، خواردنی سەرەوەت و سامانی خەڵکی کوردستان و حەقە بەشی خەڵکی کوردستان لە بڕی دیاریکراوی بودجەیەك کە بەپێی بڕیاری 986ی شورای ئاسایشی نێودەولەتی دانرابوو، هەروەها خواردنی حەقە بەشی خەڵك کە لەلایەن دەولەتی ئێستای عێراقەوە دانراوە بۆ کوردستان. دابین نەکردنی کارەبا و ئاوو سوتەمەنی و ڕیگاو بانی گونجاوو خەستەخانە و قوتابخانەکان و هەروەها گوێنەدان بە خواستی لاوان لە دابینکردنی مەلەوانگە و گۆرەپانەکانی وەرزشی کچان و کوڕان و لەلایەکی دیکەوە هەژاری زانکۆو پەیمانگا و ئامادەییە پیشەییەکان لە لابراتۆی و پێداویستی زانستی نویو هاوچەرخ و هۆلەکانی خوێندنەوەو ئەنتەرنێت و کتێبخانەکان و تەنانەت لە ئاوو کارەبا. کەمی موچەو دەرماڵەی فەرمانبەران و مامۆستایان و کرێکاران. بەخشینی بڕوانامەکانی ماجستیرو دکتۆرا بەهۆی پلەو پایەی حزبی و بە پشگیری کۆمیتەکانی قوتابیان و خویندکاران و وەرگرتنی تایبەتی لە زانکۆکان لە ریگای خزمایەتی و نزیکایەتی لە بەرپرسە حزبیەکانەوە...... بەرزبونەوەی کۆشکی سپی بەرپرسان و گەوەربونی گەرەکەکانی فرعەوناوا و بەهەشتاوا لە شارەکانی هەولیرو سلێمانی و دهۆك و هەندی لە قەزاو ناحیەکان و تەنانەت جێگا دورەکان لە چاوی

خەڵکەوە. سەرەڕای هەموو ئەوانەش ترس و تۆقاندن و چاو سورکردنەوە و هەرەشەی دەرکردن لەسەرکار و زیندانیکردن و تەقەکردنیش لە ناررزیان بەم واقعیەتە.

بەڵام وەڵامی دەسەلاتدارێتی ناسیونالیزمی کوردو رۆشنبیرانی بەرانبەر بە یەکگرتوو دروشمە فریوکارانەکەی لەوە سەیرترە، کە کۆمەلی ئیسلامی خستۆتە نێو هاوپەیمانیەتی خۆی لە کاتێکدا بۆیان رۆشنە کە بەندو بەست و هاوبەندی ئەم دوهێزە زۆر لەوە ئامانجدارتر و ئیستراتیژی ترە، کە لە کەمپینێکی هەڵبژاردندا بکرێت لێك جیابکرێنەوە و لە بەرانبەر خەڵکی کوردستاندا یەکێکیان جوانتر و "خۆیی" تر نیشان بدرێت. ئەمە بەردەوام نەریتێکی نەزۆکی ناسیونالیزمی کوردبوە بەدرێژایی خەباتی دەیان ساڵەیان، کە هەمیشە بەزەرەری خەڵکی کوردستان تەواوبوە.

پۆزی یەکگرتووی ئیسلامی و خۆجیاکردنەوەیی و دابەزینی بە لیستی سەربەخۆ و تەنانەت بەرزکردنەوەی دروشمی" گەندەڵی " لە هەلومەرجێکدا دەچێتە پێشەوە، کە تەواوی کۆمەڵگای عێراق لەسایەی داگیرگاری ئەمەریکادا بارگەی ئیسلامی کراوەو بەتایبەت کە ئەمجارەیان و لە بەناو هەڵبژاردنی داهاتوودا ئیسلامی سیاسی سوننی بە گوڕ و تینێکی زیاترەوە هاتۆتە مەیدان و بەم پێیەش یەکگرتوو دەیەوێت بە نەشئەی مەرکەزەوە نفوزی دەسەلاتدارێتی خۆی لەکوردستاندا بەرجەستە ترو زیاتر بکات، لە حالێکدا کە باهۆزی دیموکراتیەکەی ئەمەریکا مۆری پشتگیری خۆی لەم جۆرە "ئیسلامی سیاسیانە" داوە.

خەڵکی کوردستان و بەتایبەت لاوانی کوردستان، کە خواست و داواکاری بەرحەق و ئینسانیان لە خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانیاندا بەرزکردۆتەوە، کە تا سەر دژ بە گەندەڵی ئیداری و سیاسی و کۆمەلایەتین، کە تینوی ئازادی سیاسی و مەدەنی و فەردین و کە هیواو ئارەزوەکانیان لە دەستەبەرکردنی مەدەنیەت و کۆمەلگایەکی شارستانی و ئازاد دا خۆلاسە دەبێتەوە، کە خواستی جیابونەوەی کوردستان خواستی سەرەکیانە، پێویستە لەسەریان کە بەتوندی بەگژ ئەم پروپاگەندانەی یەکگرتوویی ئیسلامیدا بچنەوەو ڕیگایان پێنەدەن، کە سیاسەتی چەواشەکارانە و فریوکارانەی خۆیانیان بەسەردا بسەپێنن. بەردەوام بون لە خەباتی ڕەوایان و یەکگرتوبون و ڕیکخراوبونیان وەڵامێکی دروست و ئازادیخوازانەی لاوان و خەڵکی کوردستانە، بە پروپاگەندە چەواشەکارەکانی یەکگرتوویی ئیسلامی.

ڕێکخراوی کوردستان
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
2005/11/29